## تاهیر سالح شەریف : بۆ سایتی دەنگەکان، کوردستانان، بۆپێشەوە ، کوردستان نێت

لەرۆژانی رابردوودا، هەریەکێک لە ماڵپەرەکانی بەرێزتان، بەرنامەی پلاتفۆرمی ئازادیخوازانی کورد ( پاک )تان بلاو کردووەتەوە . ئەو بەرنامەیە، تەنها رەشنووسێک بووە، کە لەلایەن نووسەری ئەم روونکردنەوەیە نووسراوە بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان ئەندامانی دامەزرێنەردا . ئەو بەرنامەیە، بەهیچ شێوەیەک بۆ بلاوکردنەوە و بۆ بەردەم بیروڕای گشتی نەنووسراوە، چونکە تا ئێستا ئەو مسۆدەیە لە پرۆسەی لێکۆلینەوەو گفتوگۆ کردندایە لە نێوان ئەندامانی دامەزرێنەری " پلاتفۆرمی ئازادیخوازانی کورد " دا، رەنگە کاتێکی زۆری پێویست بێت بۆ پەسەند کردنی و بلاوکردنەوەی وەک بەرنامەی فەرمی " پاک " .

ئەوەندەی کە ئێمە بە دواچوون و لێکۆلینەوەمان لەسەر بلاو بوونەوەی مسۆدەی بەرنامەکە کردووە، دەزانین کە بە هەلە لەلایەن یەکێک لە هاورێیانی ئێمەوە نێردراوە بۆ ماڵپەری " دەنگەکان "، بەلام ئەوە کە چۆن لەلایەن ئەو سێ ماڵپەری دیکەوە بلاوکراوەتەوە، ئەوەیان ئێمە ئاگادار نین و نازانین چۆن و بەبێ ئەوەی لە ئیمەلی یەکێک لە ئەندامانی ( پاک )ەوە بۆیان رەوانەکرابێت، ئەوان بلاویانکردووەتەوە ؟!.

بۆ راستی ئەوەش کە ئەو بەرنامەیە تەنها رەشنووسێک بووە بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان ئەندامانی " پاک "دا من لێرەدا دەقی ئەو ئیمەیلە بلاو دەکەمەوە کە لە پەیوەند بە رەشنووسەکەدا بۆ ئەو هاورێیانەم ناردووە :

**Barezan slaw ... mn barnamakam tawaw krd ... tkaya byxwennawa w tebynyakantan bo rojy 1 shamma bnwsnawa .. barnamaka tanha projayaka bo mnaqsha krdn.**
**Lagal rezmda...**
**Taher**

ئەو مسۆدەیە لەلایەن منەوە نێردراوە بۆ ئیمەیلی هەریەکێک لەم ئەندامە بەرێزانە :

نووری عومەر

رێنوار ئەحمەد

سەمیرە قادر

عبدالرحمان زەنگەنە

کەیهان عەزیز

ئارام ئەحمەد

عوسمان مەلا

ئەوەی کە جێگای رەخنەیە ئەوەیە کە ماڵپەرەکانتان بە بێ ئەوەی لە بنێری ئیمەیلەکە بکۆلێتەوە کە ئایا ئەو کەسەی ئیمەلی کردووە بۆتان ئەندامی " پاک " ە یان نا ؟، یەکسەر بلاوتانکردووەتەوە !.
هیواداریین هەر بابەتێک کە بە ناوی " پاک "ەوە بۆتان رەوانە دەکرێت، ئەگەر ئیمەیلی ئادرێسی ئەو ناوانەی سەرەوەی لەسەر نەبوو، ئەوا بلاوی مەکەنەوە .

سوپاستان دەکەین

2006 / 5 / 14

**لینک و ڕۆژی بڵاوکردنەوە** :
**http://www.kurdistanan.com/Nuche-gulan/05-11-pak.htm**
**http://kurdistannet.biz/2006/5-2006/12-5/bernameiPAK.pdf**
**http://bopeshawa.com/pdf2006/barnamaiplatformiazadixwazan.pdf**